
*ێقباڵ حه نیفی..(سیروان)*
Sirwan_e@yahoo.se



# به ته نیا كه سێك ئه یتوانی

***ده رونت پڕ ده كه م له ڕووناكی***
***شه وانی ته نیاییت پێ داگرسێنی***
***با چاوه كانت لێواوڕێژی خۆره تاو بێ***
***با ده نێرمه میوانیت غه ریببیت پێ ده رمان كه ی***
***ئه ستێره كانت بداتێ***
***حه زی په نجه كانی پیانۆژه نێكت بۆ بێنێ***
***هه زار نامه ی نه كراوه ی له گیرفان بێت و بێ ئه وه ی له لێوه كانت بترسێ***
***رسته بارنت بكات***
***ئه مڕو، دوێنێ و ده یان ڕۆژی له هه ناسه كه وتوی پێشو***
***چاوه كانم په یتا په یتا ته نیایی پێیان دا شه سته ی ئه كرد***
***هێشتا كه بڕوا به هه ناسه كانی خۆم ناكه م***
***ساڵێكم به كۆرپه یی پێ به خشی كه چی له تابوتێكدا ده ستێكی نه ناسراو***
***بۆی هێنامه وه***
***ماچێكم به گه وره یی بۆ پۆست كرد***
***بێ ئه وه ی له زه رفه كه ی ده ری بێنێ له زبڵه كه ی دراوسێدا ئاوری پێوه نا***
***بڵێی مه رگی خه ونێك هێنده ته ژی بێ له ئازار؟***
***بڵێی مه ودای نێوان خاك و باران نزیكتر بێ؟***
***بلێی خۆشه ویستی بروسكه بۆ سوتانی دار هه نارێك زیاتر بێ؟***
***بڵێی...........؟***
***من سه وزایی باخچه ێكم دایێ***

***هیچ باڵنده ێک بیری لێ نه کردبوه وه***
***هیچ هه نگێکی خۆلیای شیله ی گوڵه نێرگس لێیدا بارگه ی نه خستبو***
***..................***
***فیلمێکی بێ ئاکته ر بو به مۆسیقا داڕێژرابو***
***به حه زی روبار ئاو درابو***
***مانگه شه و به رگی بۆ دوری بو***
***داره پیره ی هه زار ساڵه رازه کانی له دڵی خۆی حه شار دابو***
***که چی هێشتا ترس هه مو ره گه کانی له خۆیدا گرتبو***
***......***
***ده سته کانت پڕ ده که م له شه ونمی دارێستانێکی نیشتمان***
***با هه مو به یانیک تۆزی غۆربه ت له سه ر سیمات بسڕێیه وه***
***!با غه ریبی چاوه کانت پڕ نه کات له ته نیایی***
***!با ته نیایی داره ده ستت نه داتێ و بۆ جێ ژوانت به رێ***
***که س ناتوانێ سنور بۆ هه تاو دابنێ***
***که س ناتوانێ شه پۆل ئه سیر کا***
***که س ناتوانێ لێوه کانم پڕ کا له عه شق***
***که س........***
***ته نیا تۆ نه بێ....***
***ته نیا ت..................ۆ***

*2006.05.18.*